# حوکمە لەکارخراوەکان لە دەستوری عێراق (2005)

## توێژینەوەیەکی شیکارییە

ID No. 947

(PP 129 - 150)

https://doi.org/10.21271/ZJlP.21.34.7

د. سۆران علی حسن

فاکەڵتی یاسا/ زانکۆی سۆران

soran.hassan@soran.edu.iq

وەرگـــــرتن : 2023/02/12

پەسندکردن : 2023/03/25

بڵاوکردنەوە : 17 / 2023/09

پوختە

پابەندبوون بە ڕێسا دەستورییەکان لە لایەن تەواوی دامەزراوەکانی پێکهێنەری دەسەڵاتە گشتییەکان وەك باڵاترین ڕێسای یاسایی لە وڵاتدا یەکێکە لە پێوەرەکانی فەراهەمبوونی سەروەری یاسا، و دەکرێت هەڵسەنگاندنی فەرمانڕەوایانی لەسەر بنیات بنرێت بۆ بەدیارخستنی ویستی بەدیهێنانی حوکمڕانی دروست، بەڵام ئەم پابەندبوونە تەنها بە پێشێلنەکردنی ڕوون و دیاری ڕێسا دەستورییەکان بەدیارناکەون، بەڵکو هەندێ جار دەبینرێت فەرمانڕەوایان لە ساتی بەریەککەوتنی ویستی سیاسی و پاوانخوازی و قۆرخکاریيان بۆ دەسەڵات بە جێبەجێکردن و کاراکردنی بەشێك لە حوکمە دەستورییەکان کە ئەرکی سەرشانیان پێکهێنان و هێنانەکایانەوەیە کاردەکەن بە ئاڕاستەی لەکارخستنی بەشێك لە پابەندییە دەستورییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی ئاستەنگی بەردەمیانن بۆ بەرجەستەکردنی ویستە لادەرەکانیان.

لە میانەی ڕوانیین بۆ ڕێکخستنی دەستوریی عێراق (2005) و ئەزموونی چەند ساڵەی پاش بەرکاربوونی ڕێساکانی، چەندین هەنگاو و هەوڵی کردەیی دەبینرێت بە ئاڕاستەی لەکارخستنی بەشێك لە حوکمە دەستورییەکان لەلایەن دەسەڵاتە گشتییەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری.

لە میانەی ئەم توێژینەوەیە هەوڵداروە ئەو ئاڕاستە کردەیی و هەوڵە ویستراوە جێبەجێکراوانەی هەرسێ دەسەڵاتی گشتی لەسەر ئاستی دامەزراوە دەستورییە فیدراڵییەکان بخەینە بەرباس و شیکاریی، ئەویش لە ڕێگای دابەشکارییەکی زانستی بەشێوەی ژمارەیی لە دوو بەشی سەرەکییدا، کە یەکەمیان بۆ چوارچێوە تیۆرییەکە و بەشی دووەمیشیان بۆ بەدیارخستنی هەوڵە کردەییەکان تەرخان دەکەین.

کلیلە ووشەکان: ڕێکخستنی دەستوریی، لەکارخستنی حوکمە دەستورییەکان، پابەندبوون بە ڕێسا دەستورییەکان.

## پێشەکی

پلەبەندی ڕێسا یاساییەکان لە ڕووی پێگە و هێزی پابەندبوون، ڕێسا دەستورییەکان جگە لەوەی باڵایی و شکۆمەندییان بەسەر تەواوی ڕێسا یاساییەکانی تر هەیە، وا پێویست دەکات بۆ بەرجەستەبوونی ئەم باڵایی و شکۆمەندییە بنیاتی تەواوی دامەزراوە پێکهێنراوەکان و پەیوەندیی نێوانیان و چوارچێوەی پیادەکردنی تایبەتکارییەکانیان وابەستەی

پابەندبوون بێت بە ڕێکخستنی دەستوریی، بە هەمان شێوەش لە میانەی دانان و پیادەکردنی ڕێسا ڕێکخەرەکانی دەسەڵاتە گشتییەکان.

بەڵام کاتێك دنیای بەرجەستەکردنی ئەم ڕێسا دەستورییانە لە وێستگەکانی ئەزمونکردنی فەرمانڕەوایی بەریەك دەکەون بە بە ویست و بەرژەوەندییەکان و پاوانخوازییەکان لە دەرەوەی پابەندبوون بە سەروەری یاسا و نەبوونی دەرفەتی هەمواری دەستوریی کە هاوتای ویستی فەرمانڕەوایان بێت، پەنا دەبرێتەبەر لەکارخستنی ڕێسا دستوریيە ڕێگرەکان لە فەراهەمکردنی ویستەکانیان، جا لە ڕێگەی هەر یەکێك لە دامەزراوەکانی پێکهێنەری دەسەلاتە گشتییەکان بێت. بەڵام ئەمانە هەمووی بەدەر دەبن لەوەی چەند حاڵەتێکی دیاریکراوی بەرتەسك هەیە کە فیقهی دەستوریی و ئەزمونی ڕێکخستنی دەستوریی وڵاتان ڕێگەیان پێداوە بە شێوەیەکی فەرمی و ڕێکخراو بۆ لەکارخستنی کاتیی بەشێك لە ڕێسا دەستورییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی گشتی و بنیاتی دامەزاروە گشتییە فەرمانڕەواییەکان.

ئەم توێژینەوەیە هەردوو ئاڕاستەی لەکارخستنی دەستوری دەکاتە جێباس لە ئەزمونی فەرمانڕەوایی کردەیی ماوەی بەرکاربوونی دەستوری ساڵی 2005 ی عێراق.

## گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگی جێباسی لەوەدا دەبینرێت کە لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ ویستی ڕاستەقینەی فەرمانڕەوایانی عێراق دەکات لە میانەی ئەزمونکردنی کردەییان و بەراوردکردنییان بە بارودۆخی پێویستکار بۆ ڕێککەوتنی دەستوریی و داڕشتنی حوکمە دەستورییە جێگیرکراوەکان لە دەستوری فیدرالی بەرکاردا.

## کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە بەریەککەوتنی ویستی دروستی یاسادانەری دەستور کە پاڵپشتکراوە بە دەنگی گەل و ویستی فەرمانڕەوایان لەمیانەی پیادەکردنی تایبەتکارییە دەستورییەکانیان، بەدیاریکراویش لە و هەوڵە کردەییانەی کە لە ڕێگای دامەزراوە پێکهێنەرەکانی دەسەڵاتی فیدرالی دەنرێن بۆ لەکارخستنی ڕێسا دەستورییەکان، لە کاتێکدا خودی ئەو دامەزراوانە گەرەنتیکار و پارێزەری جێبەجێکردن و پابەندبوونن بە ڕێساو حوکمە دەستورییەکان.

## گریمانەی توێژینەوە:

لە ئەگەری بەردەوامبوون و فراوانبوونی ئەو هەوڵە کردەییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانەی کە لە لایەن دامەزراوە دەستورییە فیدرالییەکانی عێراقەوە دەنرێن بۆ لەکارخستنی ڕێسا دەستورییەکان، لەدەرئەنجام و کەڵەکەبوونیان بە بەردەوامی و تێپەڕبونی کات، ناوەڕۆك و ویستی ڕاستەقینەی ساتی دانانی دەستور ئەوەندە کاڵ دەبێتەوە تا دەگاتە ئاستی جێبەجێکردنی شێوە ڕێکخستنێکی جیا لە دەستوری دانراوی ساتی ڕێککەوتنی بەشداربووان و دانەرانی ڕێکخستنی دەستوریی.

## میتۆدی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجی ویستراو لە جێباسی توێژینەوە، ڕێبازی شیکردنەوەی ئاڕاستە و ویست و هۆکاری لەکارخستنی ئەو حوکمە دەستورییانەمان گرتۆتەبەر، ئەمەش بەئامانجی دیاریکردنی ئەو ماددە و حوکمە دەستورییانەی کە لە مەودای دووریشدا لەکارخستنیان لێبکەوێتەوە ئەگەر کردەیەکی ئاشکرای ڕاستەوخۆش دەرنەکەوتبێت کە ئاماژەدەری ئەو ئاراستەیەش بێت.

**پلانی توێژینەوە:**

له میانەی گرتنەبەری دابەشکارییەکی ژمارەیی، توێژینەوەمان کردووە بە دوو بەشی سەرەکییەوە، لە یەکەمیاندا رەهەندە تێۆرییەکەی جێباسی توێژینەومان تێدا روون کردۆتەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە چەمك و ناساندنی لەکارخستنی دەستور و بەدیارخستنی جۆر و لێکەوتەکانیان.

لە بەشی دووەمی توێژینەوە ئەزمونی فەرمانڕەوایی پیادەکردنی ڕێکخستنی دەستوریی عێراق (2005) بە شێوەیەك کە پۆلێنکاری بۆ حوکمە دەستوریيە لەکارخراوەکانی کراوە.

**1- چەمك و جۆرەکانی لەکارخستنی دەستور**

سەبارەت بە روونکردنەوەی چەمك و جۆرەکانی لەکارخستنی دەستور، واپێویست دەکات بۆ هەریەکێکیان بەجیا بابەتەکە بخەینە بەرباس.

**1-1چەمکی لەکارخستنی دەستور و جیاکاری لەگەڵ هاوشێوەکانی**

بەمەبەستی روونکردنەوە و زیاتر ئاشنابوون بە مانا و لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەم چەمکە بە پێویستی دەزانین کە ناساندنێکی زمانەوانی و زاراوەیی بۆ بکەین، پاشان زاراوەکە لەگەڵ زاراوە مانا وێکچوو و هاوشێوەکانی لێکجیاکارییان بەدیاربخەین:

**1-1-1 چەمکی لەکارخستنی دەستور**

بۆ بەدیارخستن و ناساندنی چەمکی لەکارخستنی دەستور، وا پێویست دەکات لە هەردوو لایەنی زمانەوانی و زاراوە بیخەینە بەرباس.

**1-1-1-1 مانای لەکارخستن لە زمانەوانی**

لە میانەی ڕوانین بۆ مانای لەکارخستن لە ڕووی زمانەوانییەوە دەبینین کە وەرگێردراوی وشەی (تعطیل) ی عەرەبییە، و لە فەرهەنگی زمانەوانییە عەرەبییەکانیشدا بە چەندین مانا هاتووە، وەك وازهێنان لە کارێك یان مانەوەی شتێك بەبێ کارکردن هەروەها بەجێهێشتنی شتێك بەبێ سەرپەرشتیکردن تا پارێزراو بێت[1]، بە هەمان مانا بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە لە کاتێکدا کە دیمەنەکانی رۆژی دوایی وەسفدەکات کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت (وَإِذَا الْعِشَارُ عُطِّلَتْ)[2] بە مانای بەجێهێشتنی خاوەنی ئاژەڵەکان (وشترەکان) لەلایەن خاوەنەکانییانەوە، یاخود فەرامۆشکردنیان بە بێ شوانی و پاراستن و پارێزگاریکردن لێیان.[3] هەروەها لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەمەرموێت (وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ)[4] بۆ نمونە هێنانەوە بۆ شوێن و شار و دێهاتێك پاش خاڵیبوونیان بە هۆی لە ناوبردنییان لە لایەن خوای گەورەوە و باس لە بیرەکانیان دەکات کە خاڵی و چۆڵە و کەس نییە تا ئاوی لێدەربهێنێت[5]. لە زمانی ئینگلیزیش کە بە (disable) هاتووە بەو مانایە بەکاردەهێنرێت کە شتێك توانای نەمێنێت بۆ کارکردن و ئەمەش وابکات بەکارنەهێنرێت و لەکاربکەوێت.[6]

ئەگەر بەم مانا زمانەوانییانە وەربگرین بەمەبەستی بەرکارخستن بۆ جێباسی توێژینەوەمان کە لەکارخستنی دەستورە، ئەوەمان پێدەگەیەنێت کە لەکارخستنی دەستور بریتییە لە وازهێنان لەکارکردن بە حوکمەکانی یان بەشێك لە حوکمەکانی بێ

[1] المنجد في اللغة والإعلام، الطبعة الثانية والأربعون، دار المشرق، بيروت، 2007. ص513

[2] سورەتی (التکویر) ، ئایەتی ژمارە (4).

[3] تفسير القرآن العظيم، الإمام اسماعيل ابن كثير، تحقيق: محمد بن ناصر الدين الالباني، المجلد الرابع، الجزء الثامن، الطبعة الأولى، دار البان الحديثة، 2002، ص208. و تەفسیری رێبەر، م. صلاح الدين عبدالكريم، چاپی چوارەم، 2020، ل879.

[4] سورەتی (الحج)، ئایەتی ژمارە (45).

[5] تەفسیری رێبەر ، سەرچاوەی پێشوو، ل446.

.[6] Oxford Advanced Learners Dictionary of Current English, Oxford University Press, p431.

**ئەوەی سەرپەرشتیارێك چاودێری بکات، یاخود بریتییە لە خاڵی کردنەوەی ناوەڕۆکی دەستور لە جێبەجێکردن وبەجێهێشتنی بەبێ پاریزگاریکار.**

**سەبارەت بە بەکارهێنانی هەمان وشەی ناونیشانی توێژینەوەمان (لەکارخستن) لە ڕێکخستنی دەستوریی دەوڵەتان، دەبینرێت زۆر لە دەستوری دەوڵەتان پەیڕەوییان کردووە و بەدەق ئەو وشەیان بەکارهێناوە و ئاماژەیان پێکردووە، وەك دەستوری شانشینە عەرەبییە یەکگرتووکان،[1] دەستوری مصر، [2] بەڵام بەشێك لە دەستوری دەوڵەتان زاراوەی هاوشێوە مانایان بۆ بەکارهێناوە وەك ڕاگرتن (وقف) بەنمونە دەستوری جەزائیر [3]، سەبارەت بە زاراوەی بەکارهێنراو بۆ مەبەستی باسکراو دەبیینین یاسادانەری دەستوری عێراق 2005 لەگەڵ ئەوەشدا کە دەرەقتی بەکارهێنانی چەندین زاراوەی جیا کە لە دەستوری وڵاتان و ئەزمونییان لە ڕێکخستنی دەستورییاندا بۆ ئەم مانایە هاتووە، بەڵام هیچ یەکێك لەو زاراوانە بەکارناهێنێت بەڵکو دەقی ماددەکان ودەستەواژە بەکارهێنراوەکان لەو چوارچێوەیەدا وەك (یؤجل العمل ، یعاد العمل- دواخستنی کارکردن ، گەڕانەوەی کارکردن) مانا بەخشە بەوەی کە بەشێوەیەکی فەرمی و بۆ ماوەیەکی کاتی کاری پێناکرێت وەك ماددەکانی (137 ، 138) و لەکارخستنی لێدەکەوێتەوە.**

**2-1-1-1 ناساندی لەکارخستنی دەستور لە رووی زاراوەوە:**

**لە چوارچێوەی زانستی یاسادا زۆرترین بەکارهێنانێك بۆ ئەم زاراوایە لکێنراوە بەدەستورەوە بە شێوەیەکی ئاوێتە (لەکارخستنی دەستور)، لەم بارەیەشەوە زانایان و یاساناسان و توێژەرانی دەستوریی ناساندنیان بۆ چەمکی لەکارخستنی دەستور کردووە، بەڵام تەواو یەکگرتوو نین لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی بێ جیاوازییدا، نمونەی ئەو ناساندنانە: (لەکارخستنی دەستور بریتییە لە وازهێنان و وەستاندنی دەقە دەستورییەکان و کارکردن بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی دەقە دەستورییەکە، جا بە شێوەیەك بێت هەموو دەستور بگرێتەوە یان بەشێکی. بۆ ماوەیەکی کورت بێت یان درێژخایەن، هەموو ئەمانە لە حاڵەتێکدا بێت کە دەق و حوکمە دەستورییەکان بەرپابن و نە هەموار و نەهەڵوەشێنرابێتنەوە...)[4] لەسەر هەمان ریتمی تێگەیشتن بۆ لەکارخستنی دەستور بەشێکی زۆر لە یاساناسان کورتی دەکەنەوە لە ڕاگرتنی کارکردن بە ڕێسا دەستورییەکان بە شێوەیەکی گشتی بێت یان بەشەکی بێت و بۆ ماوەیەکی کاتی یان درێژ خایەن بێت جگە لە جێبەجێنەکردنی حوکمێکی دەستوری یان زیاتر بە جێبەجێکردن و کارکردن بە بەدەر لە ویستی یاسادانەری دەستوری بەدیهاتنی ئامانجی ویستراویش دێتەدی ، هەروەك چۆن بەدەق ناسێنراوە بەوەی بریتییە لە: (وەلانان و پەکخستنی دەقە دەستورییەکان و کارکردن بەدەر لەو ئامانجەی بۆی دارێژراوە، بەشێوەی گشتی یاخود بەشی، بۆ ماوەیەکی درێژ یاخود کورت بەبێ هەموار بکرێت یاخود هەڵبوەشێتەوە)[5]، بەڵام هەندێك لە یاساناسان بۆ درێژە پێنەدان و کورتبڕی پێناسەی باسکراو ئاماژە بە ووردەکارییەك دەکەن لە چەند خاڵێکدا و وەك ڕەگەزەکانی پێکهێنەری ناساندنی لەکارخستنی دەستور دەیخەنەروو، کە جێگەی پشتگیریکردنی توێژەرە.**

**ئەم خاڵانەش بریتیین لە جێبەجێنەکردنی دەقی دەستوریی و هەڵپەساردنی کە دەکرێت تەواوی دەستور بگرێتەوە و دەکرێت بەشێك یان ڕێسایەکی دیاریکراو بێت، هەروەها دەکرێت لەکارخستنی دەستور لەرێگای فەرامۆشکردن و خودوورخستنەوە بێت لە جێبەجێکردنی کردەیی هەندێك لە پابەندییە دەستورییەکان کە پێویستی بە ڕێکخستنی ووردەکاری هەیە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە لەکارخسنی دەستور تەنها جێبەجێنەکردنی ڕەها ناگرێتەوە بەڵکو دەکرێت بەشێوەیەك**

---

**[1] ماددەی (145) لە دەستوری شانشینە عەرەبییە یەکگرتووەکان ساڵی (1971).**

**[2] ماددەی (92) لە دەستوری کۆماری مصر ساڵی (2014).**

**[3] ماددەی (101) لە دەستوری جەزائیر ساڵی (2020).**

**[4] د. جعفر عبد السادة بهير الدراجي، تعطيل الدستور، دار الحامد، عمان، 2008، ص23.**

**5 د. سرهنگ حمید بەرزنجی، گشتگیر لە تیۆری دەستور، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2019، ل193.**

جێبەجێکردنی بۆ بکرێت کە هاوکۆکی ناوەڕۆکی ڕێسا دەستورییەکە نەبێت و بە جێبەجێکردنێکی لادەر ئەژماربکرێت[1]، واتە هاوڕێکی ویستی یاسادانەری دەستوریی نەبێت.
تەواوی ئەم لادان و کارپێنەکردن و هەڵپەساردنانە مەبەستێکی لە پشتەوەیە کە ویستی بەدیهێنانییان هەیە لەلایەن فەرمانڕەواییانەوە بەگشتی و بە تایبەتی پیادەکاری لەکارخستنەکە بە کردەیی، لەکاتێکدا وای دەبینن کە جێبەجێکردنی ڕێسا دەستورییەکە دەبێتە ئاستەنگ و ڕێگر بۆ جێبەجێکردنی ویستە دیاریکراوەکەیان لە چوارچێوەی پرۆسەی دەستوریی و سیاسییدا لە بەڕێوەبەردنی دەوڵەت.[2]

**2-1-1 لێکجیاکردنەوەی لەکارخستنی دەستور لە وێکچووەکانی**

کاتێك باس لە جێبەجێنەکردنی دەق یان حوکم و ڕێسا دەستورییەکان دەکەین لە چوارچێوەی لەکارخستنی دەستورییدا، چەند زاراوە و پرۆسەی تر هەن کە لە ڕووی کردەییەوە هاوبەشییەکیان لەگەڵ لەکارخستندا لێدێتەکایەوە، بەڵام هاوتا و یەکیش نیین لەگەڵیدا لەڕووی کاریگەری و لێکەوتە و کات و هۆکاری پەنابردن بۆ پیادەکردنیان، بە نمونە هەموار یان هەڵوەشاندنەوە و کۆتایی دەستور.
لەبەر ئەوە لەم تەوەرەدا هەوڵ دەدەین کە جیاکارییەك لە نێوان لەکارخستنی و ئەو زاراوانە بکەین، سەرەڕای ئاماژەدان بە خاڵی هاوبەشی نێوانیان:

**1-2-1-1 جیاکاری لەکارخستنی دەستور لە هەمواری دەستور**

لە میانەی خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ناساندنی پرۆسەی هەمواری دەستوریی، دەکرێت ئاماژە بە چەند پێناسەیەکی سادە بکەین، وەك ئەوەی کە بریتییە لە گۆڕانکارییەکی بەشەکی بۆ ڕێساکانی دەستور لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوە یان زیادکردن یان جێگرتنەوەی دەقی نوێ لە جێگەی حوکمی لادراو، بەجۆرێك نەگاتە ئاستی هەڵوەشاندنەوەی گشتی دەستور و داڕشتنەوەی دەستورێکی نوێ[3].
کەواتە ئەوەی هەردوو پرۆسەکە یەکدەخات جێبەجێنەکردنی دەقێك یان ڕێسایەکی دەستورییە لە پاش بەجێگەیاندنیان، واتە پاش لەکارخستن یان هەموارکردن دەقە دەستورییەکە جێبەجێناکرێت، هەروەها لە ڕووی هۆکاری پەنابردن بۆ هەریەك لەم دوو پرۆسەیە نەگونجاوی و دەرفەت نەبوونە بۆ جێبەجێکردن یاخود نەگونجاندنیان لەگەڵ ویستی سیاسی فەرمانڕەوایان و دەسەڵاتدارانی کردەیی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت، یان نەگونجاندنیانە لەگەڵ بارودۆخێکدا کە جیاوازبێت لە سات و کاتی دانانی ڕێسا دەستورییەکە. جگە لەوە دەبینین هەردوو پرۆسە لەوەدا هاوکۆکن کە نابێت پرۆسەیەکی گشتگیر بێت بۆ تەواوی دەستور، واتە نابێت هەمواری گشتی دەستور بێت یان لەکارخستنی تەواوی دەستور بێت بە ڕەهایی، لەبەر ئەوە مانای کۆتایی هاتنی دەستورە نەك لەکارخستن یان هەموار.[4]

---

[1] د. محمد فوزی نویجی، تعطیل العمل بأحكام الدستور ، الطبعة الاولى، دار مصر للنشر والتوزيع، القاهرة، 2021، ص12.

[2] محي الدين حسن يوسف، أثر الأزمات الخاصة على تعطيل الدساتير، مطبعة بينايي، السليمانية، 2009، ص59.

[3] على محسن مهدى، الأجراءات الشكلية والموضوعية لتعديل الدستور العراقي لسنة 2005، دار المزدهرة, بغداد, 2014، ص8. و عبدالوهاب محمود خدر، الجمود الدستوري وأثره في تعديل الدستور، مطبعة روكسانا، اربيل, 2013، ص66.

[4] د. محمد فوزی نویجی، مصدر سابق، ص26.

**بەڵام ئەوەی جیایان دەکاتەوە لەیەکتر چەند خاڵێکی سەرەکییە، وەك:**

**أ. مەرجی پێشكاتی پرۆسەی هەمواری دەستور ڕێپێدراوی خودی دەستورە، واتە پێویستە لە نێوەڕۆکی دەستوردا ڕێگەدرابێت بۆ گرتنەبەری هەمواری دەستوریی و دیاریش کرابێت چ لایەنێك پیادەی دەکات.[1] بەڵام لە لەکارخستنی دەستوردا بە تایبەتی لەکارخستنی کردەیی بەبێ ئەوەی ڕێپێدراوی هەبێت دەسەڵاتداران هەڵدەستن بە راوەساندنی جێبەجێکردنی ڕێسایەکی دەستوری یان زیاتر.**

**ب. لە میانەی هەمواری دەستورییدا سێ دەرئەنجامی لێبەدی دەکرێت کە بەسەر دەق یان ڕێسا دەستورییە هەموارکراوەکاندا دێت، کە بریتیین لە: زیادکردنی دەق یان لادان یان گۆرانکاری و شوێنگرتنەوە، بەڵام دەرئەنجامی هەموویان دەقی دەستورییە و شوێنی دەقی دەستوری دەگرێتەوە و مانەوەی دەقێکی جێبەجێکراوە.[2] بەڵام لە لەکارخستنی دەستورییدا دوو ئەگەر بەدیدەکرێت یان جێبەجێنەکردنی دەقە دەستورییەکە و بە هیچ کارێك یان بابەتێك شوێنی دەقە دەستورییکە پڕ ناکرێتەوە، یاخود پیادەی کار و بابەتێك دەکەیت کە جیاوازە لە دەقە دەستورییەکە و ناوەڕۆکی دەقەکەی پێپەکدەخرێت و جێگرەوەکەشی پاڵپشتی دەستوریی نییە و داهێنراوهی دەرەوەی ڕێپێدراوی دەستورە.**

**ت. یەکێکی تر لە خاڵەکانی جیاوازی نێوان لەکارخستن و هەمواری دەستور ئەوەیە کە یەکەمیان دەکرێت کاتی بێت و پاش تێپەربوونی ماوەکە کار بە دەقە لەکارخراوەکە بکرێتەوە، بەڵام هەمواری کاتی نییە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت و حوکمە دەستورییە هەموارکراوەکە پاش تێپەربوونی کاتەکە بگەڕێتەوە شوێنی ئاسایی خۆی.**

**ث. سەرەڕای جیاوازییەکانی پێشوو، هەمواری دەستور بە پێی ڕێکخستنی خودی دەستورەکە پرۆسەیەك نییە بەبڕیارێکی یەك قۆناغی پیادە بکرێت، بەڵکو پێویستە بە چەند قۆناغێکدا تێپەر بێت و بۆهەریەکێکییشان مەرج و ڕێکاریی و پێداویستییەکانی فەراهەم بێت، قۆناغەکانیش بریتیین لە (پێشنیار، ڕەزامەندی، بڕیار، جێبەجێکردن).[3]**

**2-2-1-1 جیاکاریی لەکارخستنی دەستور لە کۆتایی دەستور**

**مەبەست لە کۆتایی هاتنی دەستور بریتییە لە کۆتاییهێنان بە کارکردن بە کۆی ڕێسا دەستورییەکان و هەڵوەشاندنەوەیان و گۆڕینیان بە دەستورێکی نوێ ئەگەر دەرئەنجامی کۆتاییپێهێنانێکی ئاسایی بێت، بە تایبەت لە دەستورە کاتییەکان یان دانراوەکان بۆ قۆناغێکی راگوزەری، و ئەگەر ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەکەش دەرئەنجامێکی نائاسایی و شۆڕش و گۆرانکاری پاڵپشتکراو بێت بەهێز لە سیستەمی فەرمانڕەوایی، ئەوا دەکرێت جێگرەوەی راستەوخۆی دەستوریی نوێی بۆ نەبێت.[4]**

**بە مەبەستی بەدیارخستنی خاڵی هاوبەشی نێوان لە کارخستن و کۆتایی هاتنی دەستور پێویست دەکات لە هەردوو حاڵەتدا جۆر و شێوازەکەیان دیاریبکەین، بەدیاریکراوی خاڵی هاوبەش لە کۆتاییهاتنی دەستور بە شێوازی ئاسایی و لەکارخستنی ڕێپێدراوی دەستور لەوەدا بەدەردەکەوێت کە هەردوو پرۆسە لەلایەن لایەنێك پیادە دەکرێت کە ڕێگەپێدراوە بە پێی دەستور ئەم پرۆسەیە بەئەنجام بگەیەنێت. خاڵێکی تری هاوبەش لە نێوان کۆتایی هاتنی دەستور و لەکارخستنی هەمووەکی بۆ دەستور بریتییە لە جێبەجێنەکردنی کۆی ڕێساکانی، جا جێگرەوەیان هەبێت یان نا.**

**بەڵام لە یەکانگیریی و جیاوازییاندا چەند خاڵێك بەدەردەکەون وەك:**

---

**[1] د. عبد الغني بسيوني عبدالله, النظم السياسية والقانون الدستوري, منشأة المعارف, الاسكندرية, 1997, ص384.**

**[2] عبدالوهاب محمود خدر، مصدر سابق، ص74.**

**[3] بۆزانیاری زیاتر دەربارەی قۆناغەکانی هەمواری دەستوری بڕوانە : د. إحسان المفرجي، د. رعد الجدة، د. كطران زغير نعمة، مكتبة السنهوري، بغداد، 2012، ص259-261.**

**[4] د. عبدالعزيز بسيونى عبدالله، مصدر سابق، ص351،349**

أ. به كۆتایی هاتنی دەستور واتە نەمان و مراندنی دەستورێكە بە تەواوی، بەڵام لە لەكارخستن كۆتایی ڕەها نییە و دەكرێت دەق یان ڕێسا دەستورییە لەكارخراوەكە یاخود تەواوی دەستورە لەكارخراوەكە پاش ماوەیەك كە هۆكاری لەكارخستنی لە ئارادا نەما بكەوێتەوە بواری جێبەجێكردن. [1]

ب. لە ڕووی كردەییەوە بە زۆری لەكارخستن بۆ ماوەیەكی كاتی و چەند بابەتێك دەگرێتەوە نەك تەواوی دەستور، بەڵام لە كۆتایی هاتنی دەستور بە زۆری تەواوی دەستور دەگرێتەوە و یەكجارییە و جێگرەوەی بۆ دادەنرێت.

ت. لە ڕووی هۆكار و كاتی پیادەكردنی كۆتایی هاتنی دەستور دەبینرێت زۆر جار بەهۆی گۆڕانكاری لە سیستەمی فەرمانڕەوایی و لەكارلادانی دەسەڵاتدارانە بە هۆی شۆرش و كودەتاوە، بەڵام لە كارخستنی دەستور بەهۆی ڕوودانی نائاسایی یان نەگونجانی بابەتێك لەگەڵ ویستی سیاسی بێ ئەوەی بگاتە ئاستی گۆڕانكاری لە سیستەمی حوكمڕانی یان دەستەی بەڕێوەبەرانی دەوڵەت

**2-1 جۆرەكانی لەكارخستنی دەستور**

لە میانەی ووردبوونەوە لە هۆكار و بارودۆخی پەنابردن بۆ لەكارخستنی دەستور و دەرئەنجام و لێكەوتەكانی، چەند جۆرێك لە لەكارخستن بەدیار دەكەوێت:

**1-2-1 لە كارخستنی بەشەكی و لەكارخستنی هەمووەكی (تەواو)**

لە میانەی پۆلێنكردن و لێكجیاكردنەوەی جۆرەكانی لە كارخستنی دەستور دەبینرێت لە هەندێ حاڵەتدا جێبەجێنەكردنی دەستور تەنها ماددە یان دەقێك یاخود چەند حوكمێكی دیاریكراوی دەستور دەگرێتەوە، بە بێ ئەوەی تەواوی ڕێكخستنە دەستورییەكە بگرێتەوە، جا ئەمە بە شێوەیەكی فەرمی بێت یان كردەیی بێت. بەم شێوە لەكارخستنە دەوترێت: (لەكارخستنی بەشەكی دەستور). نمونەی دەستوری چەندین دەوڵەت بەردەستە لە بەرجەستەكردنی ئەم جۆرە لەكارخستنە وەك ماددەی (55) لە دەستوری ئیسپانیای ساڵی 1978، كاتێك ڕێگە دەدات بە هەڵپتساردنی جێبەجێكردنی ماددەكانی (17 و 18، 21،28) كە تایبەتن بە پیادەكردنی بشێك لە ماف و ئازادییەكان لە كاتی ڕاگەیاندنی باری لەناكاودا.

بەڵام ئەگەر ئاكامی لەكارخستنی دەستور تەواوی حوكمە دەستورییەكانی گرتەوە و تەنها پەیوەست نەبوو بە ماددە یان چەند ماددەیەكی دەستور و كۆی دەستورەكە لەكارخرا، ئەوا پێی دەوترێت: (لەكارخستنی هەمووەكی دەستور) یاخود لەكارخستنی تەواو، پیادەكردنی ئەم جۆرەش بە زۆری لە كاتی گۆڕانكاری لە سیستەمی سیاسی بە هۆی هەرەسهێنان و لابردنی دەستەی فەرمانڕەوایی لە ڕێگای بەكارهێنانی هێز و كودەتاوە پیادە دەكرێت.

**2-2-1 لەكارخستنی ڕێپێدراو و لەكارخستنی ڕێپێنەدراو**

بۆ دیاریكردنی ئەم دوو جۆرە لەكارخستنە بۆ ڕێكخستنی دەستور پێویست دەكات جیاوازی لە نێوان دوو حاڵەت بكرێت و وەڵامی پرسیارێكی پێویست بدرێتەوە، ئایا لەكارخستنی دەستور بە پێی ڕێسایەكی ڕێپێدەری خودی دەستورەكە بووە؟ واتە دەرئەنجامی پابەندبوونە بە پابەندییەكانی خودی دەستورەكە؟ یاخود كردەییەكی فەرمانڕەوایی سیاسییە بووە و هیچ پاڵپشتییەكی دەستوریی نەبووە؟

لە دەرئەنجامی وەڵامی ئەو پرسیارە دەكرێت هەردوو جۆری لەكارخستنی دەستور پێناسەبكەین، بەشێوەیەك كە (لەكارخستنی ڕێپێدراوی دەستور) بریتییە لە پەنابردن بۆ لەكارخستنی دەستور بە هۆكارێك كە هاوكۆك بێت لەگەڵ ڕێكخستنی دەستوری بەركار و وەك بەرەنگاربوونەوەیەك بۆ ئەو حاڵەت و بارودۆخە لە ناكاو و ئەزمە حوكمڕانییانەی كە لەدەرەوەی ویستی فەرمانڕەواییان دێتە ئاراوە و دەرفەت نابێت بۆ وەڵامدانەوە و بەڕێوەبردنی دروستی دەوڵەت بە

---

[1] د. محمد فوزي نويجي، مصدر سابق، ص35.

پابەندبوون بۆ ڕێکخستنی دەستوری لە کاتی ئاساییدا، بەزۆربەی کات و حاڵەتیش جێگرەوەی ڕێسا دەستورییە لەکارخراوەکان حوکمە عورفییەکان دەبن، کە بە پێی خودی دەستور ڕێگە دراوە فەرمانڕەوایان دامەزراوەکانی دەوڵەتی لەو ماوەیەدا پێببەنە ڕێوە کە ڕێسا دەستورییە دیاریکراوەکان لەکاردەخرێن.[1]

لە بەرامبەردا بە (لەکارخستنی ڕێپێنەدراوی دەستور) هەژمار دەکرێت، ئەگەر فەرمانڕەوایان یان ئەوانەی لەدەرئەنجامی گۆرانکارییە سیاسییەکان بەڕێوەبردنی وڵات دەگرنە دەست و بە هۆکاری سیاسی و بۆ مەرامی پتەوکردنی دەسەڵات و بەرەنگاربوونەوەی بارودۆخێکی دیاریکراوی سیاسی پەنا ببەنە بەر لەکارخستنی دەستور، هەربۆیە ئەم جۆرە لەکارخستنی دەستور لە هەندێ حاڵەتدا ناودەبرێت بە (لەکارخستنی سیاسی)[2].

**3-2-1 لەکارخستنی فەرمی و لەکارخستنی کردەیی**

لەکاتی لەکارخستنی دەستورییدا ئەگەر لە میانەی ڕێوشوێنێکی ڕێپێدراو لە چوارچێوەی دەستوریی بەرکاردا پیادەبکرێت و بە شێوەیەکی ئاشکرا و فەرمی ڕابگەینرێت و ناوەڕۆك و ووردەکاریی لەکارخستن بخرێتە ڕوو، ئەوا بەو جۆرە لەکارخستنە دەوترێت (لەکارخستنی فەرمی). بەڵام ئەگەر فەرمانڕەوایان و بەرێوەبەرانی کاروباری دەوڵەت بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی راگەیاندنی بۆ بکەن و بە ئاشکرا باس لە ڕاگرتنی کارکردن بە تەواوی دەستور یان بەشێکی بکەن، هەڵدەستن بە راوەستاندنی کارکردن پێی[3]، ئەمەش لە دەرئەنجامی باوەڕنەبوونی فەرمانڕەوایانە بە بنەمادەستورییەکان[4]،هەربۆیە پێی دەوترێت (لەکارخستنی کردەیی دەستور) واتە تەنها بە کردار و بێئەوەی جۆرێك لە فەرمیبوون و ڕێپێدراوی و راگەیاندنی ئاشکرای تێدا بەدیبکرێت.

**4-2-1 لەکارخستنی کاتی و لەکارخستنی یەکجاری**

بۆ دیاریکردنی جۆری لەکارخستنی دەستور لە رووی ماوەی پیادەی لەکارخستن دوو جۆر بەدیدەکرێت، یەکەمیان بە شێوەیەکی کاتییە، واتە لەکارخستنی تەواوی دەستور یان حوکمێك یان چەند حوکمێکی دەستوریی ماوەیەکی دیاریکراو بگرێتەوە و پاشان بەکاردەخرێتەوە و پابەندی پێی وەك پێش لەکارخستنی لێدێتەوە، یاخود هەر لەسەرەتای بەرکاربوونی دەستوریەوە چەند حوکمێك وابەستەی ماوەیەك یان ڕێکەوتێکی دیاریکراو دەکرێت و لەدەرەوەی ئەو ڕێکەوتە جێبەجێکردنی رادەوەستێنرێت و لەکاردەکەوێت. بەم جۆرە لەکارکەوتنە پێی دەوترێت (لەکارخستنی کاتی دەستور). بە نمونە لە دەستوری شانشینی بەحرەین ساڵی 2001، لە ماددەی 128 دا هاتووە بەدەق کە نابێت هیچ حوکمێکی دەستور لەکاربخرێت، مەگەر لە حاڵەتی راگەیاندنی حوکمی عورفییدا نەبێت: (لا يجوز تعطيل أى حكم من أحكام الدستور إلا أثناء إعلان الأحكام العرفية.....) واتە ماوەی راگرتن و لەکارخستنی هەر حوکمێکی دەستوریی وابەستەی ئەو ماوەیەیە کە راگەیاندنی باری لەناکاو دیاریدەکرێت و پاشان باری کاربوونی حوکمە دەستورییەکە دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی.

جۆری دووەم کە لەکارخستنی یەکجاری دەستورە، واتە بۆ تەواوی دەستور یان ماددەیەك یان زیاتر کارپێکردنی رابگیرێت و دەرفەتی گەرانەوەی کارکردن پێی بە تێپەربوونی کات لە ئارادا نابێت.

**2- پۆلێنکاری حوکمە لەکارخراوەکان لە دەستوری عێراقییدا**

لە میانەی جێباسکردنی حوکمە لەکارخراوەکان لە دەستوریی بەرکاری عێراقدا (2005) دەکرێت جۆرێك لە پۆلێنکاری و دابەشکاریی بۆ بکەین بەم شێوەی خوارەوە :

---

[1] محي الدين حسن يوسف، أثر الأزما الخاصة على تعطيل الدساتير، مطبعة بينايي, السليمانية، 2009، ص75-79.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 80- 82.

[3] د. إحسان المفرجي وآخرون, مصدر سابق, ص262.

[4] د. سرهنگ حميد بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل197.

**1-2 لەکارخستنی ڕاگوزەری**

**ئەگەر خوێندنەوە و ووردەکاری لە رووی کات و بارودۆخی ڕێکخراوی دەستوریی بۆ ساتی دانان و ئامادەکردن و بەرکاربوونی دەستوری عێراق (2005) بکەین دەبینین وابەستەی ڕێکخستنێکی دەستوریی کاتیی پێشخۆی بووە کە نزیکەی ساڵێك مەودای کاتیی جێبەجێکردنی بوو[1] کە بە فەرمی بە (یاسای بەڕێوەبەردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004) ناسێنرا. و بەهۆی دامەزراندن و پێکهێنان و بنیاتنانەوەی بەشێك لە دامەزراوە فەرمانڕەوایيەکان و گرتنەبەری جۆرێك لە فۆرمی کارکردنی پێکەوەیی و فەراهەمکردنی ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان پێکهاتەش و پێکهێنەرانی فەرمانڕەوايانی عێراقی پاش هەرەسهێنانی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003 ، لە ڕێکخستنی دەستوریی (2005) ویستی یاسادانەری دەستوریی بەشێوەیەك بوو کە ئەو دامەزراوانەی شێوە و پێکهاتە و پێکهێنانیان گۆرانکاری ریشەیی بەسەردا هاتووە لە نێوان هەردوو ڕێکخستنی دەستوریی (2004 و 2005) بەیەك قۆناغ و ڕاستەوخۆ پاش بەرکاربوونی دەستوری 2005 فۆرمی پێکهاتە و شێوازی کارکردنییان گۆرانکاری بەسەردا نەیەت. هەر بۆ ئەم مەبەستە دوو دیارترین دامەزراوەی لەسەر ئاستی دەسەڵاتی فیدرالی دیاریدەکەین کە بریتییە لە سەرۆکایەتی کۆمار لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ئەنجومەنی فیدرالی لە دەسەڵاتی یاسادانان ، پاشان نمونەیەکی تری تایبەت بە بابەتی ڕێکخستنی دەستوری بۆ هەمواری دەستور کە لە حوکمە دەستورییەکان بۆ قۆناغی راگوزەری ئاماژە پێدەکەین.**

**یەکەم/ لەکارخستنی حوکمەکانی تایبەت بە سەرۆکی کۆمار**

**دیارترین و باڵاترین دامەزراوەی فەرمانڕەوایی کە خۆی دەبینییەوە لە سەرۆکایەتی کۆمار، دوو ڕێکخستنی جیاوازی لە دەستوری 2005 بۆ کرا، یەکەمیان: (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار) بوو کە پێکهاتەیەکی سیيانی لەخۆگرتبوو لە سەرۆك و دوو جێگری هاودەسەڵات وەك پاشماوەی ڕێکخستنی دەستوری (2004)[2]. دووەمیانیش (سەرۆکی کۆمار) ە کە کۆی پێگە و تایبەتکارییەکانی سەرۆکی دەوڵەت لە خودی سەرۆکی کۆماردا کۆکراوەتەوە.**

**ئەوەی جێگەی باسمانە لە قۆناغی ڕاگوزەرییدا کە یەك خوولی پەرلەمانییە [3] دەقی دەستوریی ڕێکخەری پێگە و تایبەتکاریی و شێوازی پیادەکردنی پەیوەندار بە سەرۆکی کۆمار لە تەواوی دەستوردا لەکارخراوە بە دەقی دەستوریی و لە جێگەیدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار جێگرەوەی بوو وەك چۆن لە دەقی ماددەی (138/ یەکەم) هاتووە: (يحل تعبير (مجلس الرئاسة) محل تعبير (رئيس الجمهورية) أينما ورد في هذا الدستور ويعاد العمل بالأحكام الخاصة برئيس الجمهورية بعد دورة واحدة لاحقة لنفاذ هذا الدستور).**

**کەواتە دەقێکی روونە و لێکدانەوەی جیاواز هەڵناگرێت کە تەواوی ماددە دەستورییەکان لە دەستوری (2005) کە ڕێکخەری پێگە و هەڵبژاردن و مەرجی پاڵاوتن و پیادەی تایبەتکاریەکانی سەرۆکی کۆماربن لەکارخراون بۆ ماوەیەك کە**

---

**[1] لە ماددەی (2/أ) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ماوەی راگوزەری دیاریدەکات بەدەق (دەستەواژەی قۆناغی گواستنەوە بە مانای ئەو قۆناغە دێت کە لە 30 کوزەیران/ یەنیو ی ساڵی 2004 دەست پێدەکات تاوەکو پێکهێنانی حکومەتی عێراقی هەڵبژێردراو بە پێی دەستوری هەمیشەیی، وەك چۆن لەم یاسایە دەقی لەسەردراوە، ئەمەش دوا وادە 31ی دیسەمبەر/ کانونی یەکەمی ساڵی 2005 بێت، تەنها لە حاڵەتی جێبەجێکردنی ماددەی 61ی ئەم یاسایە نەبێت).**

**[2] لەماددەی (1/36) لە یاسای بەرێوەبەردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 هاتووە: (ئەنجومەنی نیشتمانی سەرۆکی دەوڵەت و دوو جێگ بۆی هەڵدەبژێرن و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێکدێنن ......)**

**[3] یەکەم دانیشتنی خولی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕێکەوتی 2006/3/16 دەستی پێکرد بە سەرۆکایەتی عدنان الباچچی ، و پاش چوارساڵ تەفویمی کۆتایی هات، و لە رێکەوتی 2010/6/14 یەکەم دانیشتنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بەرێوەچوو بە سەرۆکایەتی د. فۆاد معصوم. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی رێکەوتی تەواوی یەکەم دانیشتنی خولەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنی فەرمانگەی راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە شێوەی ئامادەکراوی فیدیۆیی: https://www.youtube.com/watch?v=bOEQHRSDXOM**

**دیاریکراوە بە تێپەربوونی خولی یەکەمی پەرلەمانی، بە پێی دەقی ماددەکەش بێت (ویعاد العمل بأحكام الخاصة برئيس الجمهورية...) پاشان بۆ خوولی دووەم و دواتر کار دەکرێتەوە حوکمەکانی تایبەت بە سەرۆکی کۆمار، کەواتە لە خوولی یەکەمدا بە دەقی دەستوریی و بە شێوەیەکی فەرمی بۆ قۆناغێکی ڕاگوزەری ماددەکانی تایبەت بە سەرۆکی کۆمار لەکارخراوە.**

**سەبارەت بە دیاریکردنی ئەو ماددە دەستورییە لەکارخراوانەی کە دەقی دەستوری (138) دەیانگرێتەوە لە ماوەی خولی یەکەمی پەرلەمانیدا خۆیان دەبیننەوە لە تەواوی ئەو ماددانەی کە ناوەرۆکەکەی لەگەڵ ماددەی باسکراو هاوکۆك نییە، کە بریتیین لە:**

**أ. ماددەی (68) بۆ دیاریکردنی مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ سەرۆکی کۆمار کە بە پێی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (138) دیاریکراوە بۆ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی چەند مەرجێکی جاوازە لەو مەرجانەی بۆ سەرۆکی کۆمار دیاریکراوە، وەك دیاریکردنی رەگەزنامەی عێراقی کە بەرەچەڵك بێت و لە دایك و باوکێکی عێراقی بێت، هەروەها بابەتی بەشدارینەکردن لە تاوانەکانی رژێمی پێشوو و پێشینەی بیاری دادوەری.**

**ب. ماددەی (69) بۆ حوکمەکانی دیاریکردنی جێگرێك یان زیاتر بۆ سەرۆکی کۆمار بە پێی ماددەی بڕگەی (دووەم/أ) لە ماددەی (138) لەکارخراوە کە جەخت لەوە دەکاتەوە هەردوو جێگری سەرۆك بە یەك لیست لەگەڵ سەرۆکی کۆمار دەنگی لەسەر دەدرێت.**

**ت. ماددەی (70) کە شێوازی هەڵبژاردن بۆ تەنها دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ سەرۆکی کۆمارە دیاریدەکات، بە بڕگەی (دووەم/أ) لە ماددەی (138) لەکارخراوە کە وای بە مەرجگرتووە دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ هەرسێ (سەرۆك و دوو جێگر) بکرێت،**

**ث. ماددەی (73/سێیەم) تایبەت بە پەسەندکردن و دەرکردنی یاسا لەکارخراوە بە بڕگەی (پێنجەم) لە ماددەی (138).**

**دووەم/ حوکمە دەستورییەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی فیدرالی**

**لە چوارچێوەی پێکهاتەی دەسەڵاتی یاسادانان لەسەر ئاستی فیدرالی لە دەستوری (2005) دووانەیی ئەنجومەن پەیڕەوکراوە، ئەمەش وەك هەنگاوێکی بەرجەستەکاری سیستەمی فیدرالی و هاوشێوەبوونی ئەزمونی دەوڵەتانی فیدرالی[1]، جگە لەوەی ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتانی پەیڕەوکاری سیستەمی فیدرالی[2].**

**لە رووی پێکهاتەی رێکخستنی دەستوریی ئاماژەپێکراو لە ماددەی (48) کە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدرالییە، سەبارەت بە پێکهێنان و پێکهاتەی ئەندام و تایبەتکاریی و میکانیزمی پیادەکردنیان، جیاوازییەکی دیار و نامۆ لە فیقهی دەستوریی و ئەزمونی دەوڵەتانی پەیڕەوکاری سیستەمی فیدرالی بەدیدەکرێت، بە جۆرێك بۆ ئەنجومەنی نوێنەران (16) ماددە تەرخانکراوە، لە کاتێکدا تەنها یەك ماددە بۆ ئەنجومەنی فیدرالی دیاریکراوە بە بێ ئەوەی هیچ لە پێگە و تایبەتکارییەکانی بەپێی رێکخستنی دەستوریی تیایدا یەکلاییکرابێتەوە[3].**

---

**[1] محمد شهاب محمد امين، البرلمان بين التشكيل الأحادي والثنائي، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، كلية القانون والسياسة، 2009. ص40.**

**[2] د. شورش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي في العراق، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2009، ص33.**

**[3] سەبارەت بە تێبینیی و سەرنجەکانی پەیوەندار بە دەسەڵات دان بە ئەنجومەنی نوێنەرانی بۆ رێکخستنی کاروبار و تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی فیدرالی کە هاوشانێتی لە پێکهێنانی دەسەڵاتی یاسادانانی فیدرالی بڕوانە: لقمان عمر حسين، مبدأ المشاركة في الدولة الفدرالية، الطبعة الاولى، اربيل، 2008، ص353.**

**ئەوەی جێگەی مەبەستمانە لێرەدا لەکارخستنی ئەو تەنها ماددەیەشە کە باس لە ڕێکخستنی یاسایی بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدرالیی دەکات لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە کە بەدەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی پێویستە پێکبهێنرێت، لە کاتێکدا وەك دامەزراوەیەکی فیدرالی گرنگ نوێنەرایەتی تەواوی پێکهێنەرە سەرەکییەکانی سیستەمی فیدرالی دەکات لە عێراق[1]، لە ماوەی دیاریکراوی لەکارخستنی ماددەکە و هەرحوکمێکی تر کە لە دەستوردا هاتبێت سەبارەت بە (ئەنجومەنی فیدرالی) بە (ئەنجومەنی نوێنەران) جێگە گیراوەتەوە.**

**ماوەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ئەم حوکمە دەستورییە یاخود لەکارخستنی حوکمی دەستوری تایبەت بە (ئەنجومەنی فیدرالی) لە ماددەی (137)[2] ئاماژەی پێکراوە، کە بریتییە لە یەك خولی هەڵبژاردن لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی دەستورەوە، تا ئەو کاتەی بڕیارێك لە ئەنجومەنی فیدرالییەوە لەبارەیەوە دەدرێت ئەویش بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکانی.**

**ئەوەی جێگای تێبینییە دەقی مادە لەکارخەرەکە ڕوون نییە لەوەدا کە ماوەی ڕاگرتنی کارکردن بە ماددەکانی تایبەت بە (ئەنجومەنی فیدرالی) چەند دەخایەنێت بەو پێیەی کە دەرکردنی یاسایەکی دانراو لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بە پێی ماددەی (65) ماوەکە کۆتایی پێدێنێت، یاخود دەکرێت پێش دەرکردنی یاساکە بە بڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەرچێت بۆ بەرکاربوونی ماددەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی فیدرالی، جا ئەو بڕیارە بکەوێتە پێش دەرکردنی یاساکە یان پاشتر، یاخود لە ڕووی کردەییەهوە پاش دەرکردنی یاساکە یان بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران پێویست دەکات ئەنجومەنی فیدرالی پێکبهێنرێت تا بتوانێت پیادەی تایبەتکارییەکانی بکات؟**

**هەموو ئەم ئەگەر و لێکدانەوانە بە کراوەیی مابۆوە تا ئەوکاتەی دادگای باڵای فیدرالی لەبڕیارێکی ڕاڤەکارییدا بە ژمارە (71/إتحادیة/ 2012) لە ڕێکەوتی (2012/10/1) بۆچوونێکی جیاوازی لەوبارەوە خستە ڕوو، کە جگە لە جەختکردنەوە لە تێپەڕبوونی یەك خولی هەڵبژاردن پاش بەرکاربوونی دەستوری (2005) چەندین مەرجی تری داناوە بۆ دەستکردن بە جێبەجێکردنی ماددەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی فیدرالی تاوەکو لە قۆناغی لەکارخستنی بەدەری بکات، گرنگترینیان : (ئەنجومەنی نوێنەران بڕیارێك دەربکات لە سەر شێوەی بڵاوکراوە (البیان) کە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن بێت، بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ دانانی یاسای ئەنجومەنی فیدرالی، پاشان بانگهێشتی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و ڕێکخراوەکان و لایەنە پەیوەندارەکان بکات بەمەبەستی بەشدارپێکردنیان لە پێشکەشکردنی بۆچوون و ئایدیا لەبەر ڕۆشنایی بنەما سەرەکییەکانی دەستور و ئەزمونی دەوڵەتانی فیدرالی، پاشان ئەنجومەنی شورا[3] کار بکات بۆ داڕشتنی دەقی یاسای پێشنیارکراو، لە کۆتاییشدا ئەنجومەنی نوێنەران تاوتوێی دەقە یاسا پێشنیارکراوەکە بکات و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ڕەزامەندی لەسەربدات). لە میانەی ڕووانین بۆ ناوەڕۆکی ڕاڤەکاری دادگای فیدرالی بۆ ئەم بڕیارە ویستی زیادکردنی فاکتەری زیاترە بۆ لەکارخستنی ئەنجومەنی فیدرالی، لەبەر ئەوەی بە تێپەربوونی یەك خولی پەرلەمانی دەبووایە ئەنجومەنی نوێنەران دەستکراوە بووایە بۆ بەکارخستنی**

---

**[1] دەقی ماددەی (65) لە دەستوری کۆماری عێراق سالی 2005: (ئەنجومەنێکی یاسادانان پێکدەهێنرێت و ناودەبرێت بە " ئەنجومەنی فیدرالی " نوێنەرانی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم لە خۆ دەگرێت, پێکهێنان و مەرجی ئەندامبوون تیایدا و تایبەتمەندیەکانی و هەموو ئەوانەی پەیوەندارن پێی بە یاسایەك ڕێکدەخرێت کە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن نوێنەران دابنرێت) .**

**[2] دەقی ماددەی (137) لە دەستوری کۆماری عێراق ساڵی 2005: (کار کردن بە حوکمەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی فیدرالی لە هەر شوێنێکدا هاتبێت لەم دەستورە دوادەخرێت تا ئەو کاتەی بریارێك دەردەچێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ (3/2) لە پاش خوولی یەکەمی هەڵبژاردنی کە گرێیدەدات و پاش بەرکاربوونی ئەم دەستورە.) یؤجل العمل صدبعد دورته الانتخابیة الاولی التي یعقدها بعد نفاذ هذا الدستور.**

**[3] بەپێی یاسای ژمارە (71) ساڵی 2017 یاسای ئەنجومەنی دەوڵەت کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی بلاوکراوەتەوە بە ژمارە (4456) لە ڕێکەوتی(2017/8/7) ئەنجومەنی دەوڵەت پێکدەهێنرێت وەك دەستەیەکی سەربەخۆی خاوەن کەسایەتی یاسایی و جێگەی ئەنجومەنی شورا دەگرێتەوە لە تواوی ڕێاسای یاسایە بەرکارەکان.**

ئەنجومەنی فیدرالی نەك مەرجی بەشداری دەسەڵات و لایەنی تری پەیوەندیدار زیادبکرێت بۆ پرۆسەکە، کە دەرئەنجام لەکارخستنەکە بەهێزتر و پتەوتر بکات[1].

**سێیەم/ هەمواری دەستورییە بە پێی ماددەی (126، 142).**

پرۆسەی هەمواری دەستوریی لە عێراق جیاواز لە ئەزمونی پیادەکراوی دەوڵەتان، دوو ڕێکاری جیاوازی دیارکردووە بۆ ئەگەری هەر هەوڵێکی گۆرانکاری لە رێسا دەستورییەکان، لەم میانەدا دەبینرێت یاسادانەری دەستوریی (2005) هەنگاو و ڕێکارییەکانی هەمواری دەستور بە شێوەیەکی بنەڕەت لە ماددەی (126)دا باسکردووە و دیاریکردووە کە بریتییە لە قۆناغی (پێشنیار و رەزامەندی و راپرسی و پەسەندکردن بڵاوکردنەوە و جێبەجێکردن) و بەدیاریکراوی بەم شێوەیە ئاماژەی پێکراوە:

- پێشنیاری هەموار لەلایەن سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە، یان 5/1 ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.
- رەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی دەنگی 3/2 ی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن.
- رەزامەندی گەل لە راپرسی گشتیدا.
- پەسەندکردنی سەرۆکی کۆمار لە ماوەی حەوت رۆژدا.
- جێبەجێکردنی هەمواری دەستوریی لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی.

بەڵام لە هەمان کاتدا لە بەشی کۆتایی دەستور و لە حوکمە راگوزەرییەکاندا رێکخستنێکی هەڵاوێردی بۆ هەمواری دەستور کردووە لە ماددەی (142)دا کە تەنها یەکجار جێبەجێدەکرێت لەسەرەتای خوولی پەرلەمانییدا و پاشان دەگەرێتەوە بۆ ماددەی تایبەت بە هەمواری دەستور لە ماددەی (126).

رێکاریی و هەنگاوەکانی هەمواری دەستوریی بە پێی ماددەی (126) بریتیین لە:

- پێشنیاری هەمواری دەستور لەلایەن لیژنەیەکی پێکهێنراو لە تەواوی پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.
- رەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی دەنگی زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن.
- رەزامەندی گەل لە راپرسی گشتییدا، بەمەرجی رەتنەکردنەوەی دوو لەسەر سێی سێ پارێزگا یان زیاتر.

دەرئەنجامی ووردبوونەوە لەم دوو ماددە دەستورییە پەیوەنداره بە هەمواری دەستور ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەناکرێت هەردوو ماددە لەیەك کاتدا بەرکاربن و جێبەجێبکرێن، بە هۆکاری ئەوەی رێکارییەکانیان جیاوازن، جگە لەوە ماددەی (142) یەکجار دەکرێت جێبەجێبکرێت و لە رووی کاتی بەرکاربوونیەشەوە پەیوەستە بە سەرەتای دەسپێکی خولی پەرلەمانی لە ماوەی چوارمانگدا.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر زانیاری و شیکردنەوەی ئەم بڕیارە بڕوانە: د. سۆران علی حسن، دامەزراوە فیدرالییەکان بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدرالیدا (عێراق بە نمونە)، چاپی یەکەم، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، 2021، ل417-421.

هەربۆیە بە تێپەربوونی سێ خوولی پەرلەمانی و جێبەجێنەكردنی هیچ یەكێك لەو مادده دەستورییانە بۆ هەمواری دەستور، ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕێكەوتی (2017/5/11) داوایەكی ڕاڤەكاریی پێشكەشی دادگای باڵای فیدراڵی كرد سەبارەت بەوەی كام لە حوكمەكانی ماددەی (126) یان (142) پێویستە جێبەجێبكرێن بۆ هەر هەنگاوێك كە بنرێت بۆ هەمواری دەستور. دادگای باڵای فیدراڵی لە بڕیاری (54/إتحادية/2017) لە ڕێكەوتی (2017/5/21)[1] لە وەڵامی ئەم داواكارییە ڕاڤەكارییەدا پێیوایە كە كە نابێت ماددەی (126) بۆ هەمواری دەستور جێبەجێبكرێت، تاوەكو هەمواری دەستور بە پێی ڕاسپاردەی لیژنەی ئاماژەپێكراو لە ماددەی (142) یەكلاییدەكرێتەوە.

دەرئەنجام لە خوێندنەوەی ئەم بڕیارە ڕاڤەكارییەدا ئەوە دەخوێنرێتەوە كە ماددەی (126)ی دەستور بە هەموو ئەو هەستیاری و گرنگییەوە كە بنچینەی گۆڕانكاری دەستورییە لەكارخراوە بۆ كاتێكی نادیار كە تا ئەم ساتە پێنج خوولی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران تێپەریوە و و هیچ ئاسۆیەكیش دیار نییە كە هەمواری دەستور بە پێكهێنانی لیژنەی ئاماژە پێكراو لە ماددەی (142)دەكەوێتە كار؟، تاوەكو ماددەی (126)یش دەرفەتی جێبەجێكردنی هەبێت.

**2-2 لەكارخستنی دادوەری**

هەرچەندە لە فیقهی دەستوری و ئەزمونی ڕێكخستنی دەستوری وڵاتاندا ئاماژەیەك نابینرێت بەم ناونیشانە كە لەكارخستنی دادوەری لێبخوێندرێتەوە، بە مانایەك كە دەسەلاتی دادوەری لە ڕێگای بڕیارەكانییەوە هۆكاری لەكارخستنی دەستور یان حوكمێكی دەستوری بن[2]. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنرێتەوە كە لە بنەرەتدا دادگا ئەركی سەرەكی لە جێبەجێكردنی دەستور خۆی دەبینێتەوە، بە تایبەتیش دادوەری دەستوری و بە دیاریكراویش دادگا دەستوری و باڵاكان.

بەڵام ئەوەی لێرەدا ئەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین ئاڕاستەی دادگای باڵای فیدراڵییە لە عێراق بۆ ڕاگرتنی چەند حوكمێكی دەستوری كە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ لەدەرئەنجامی ڕاڤەكارییدا بەدەركەوتوون.

لەم میانەشدا ئاماژە بە بڕیارێكی ڕاڤەكاریی دادگای باڵای فیدراڵی دەكەین كە تایبەتە بە نوسینگەی نوێنەرایەتی پارێزگا ڕێكنەخراوەكان لە هەرێم لە باڵیۆزخانەكانی عێراق لە وڵاتانی بیانی بە پێی ماددەی (121/ چوارەم)

یاسادانەری دەستوری لە میانەی دیاریكردنی تایبەتكارییە دەستورییەكانی پێكهێنەرانی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق[3] و بە دیاریكراوی بۆ هەرێم و پارێزگا ڕێكنەخراوەكان لە هەرێمدا و لە چوارچێوەی تایبەتكارییە سروشت نێودەوڵەتییەكاندا، ماف دەدات بە هەردووكیان كە نوسینگەی نوێنەرایەتییان هەبێت لە ناو بالێوزخانەكانی عێراق بۆ مەبەستی بەدواداچوونی كاروباری ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و گەشەپێدان[4]، بەمەبەستی بەركاركردن یان كاراكردنی ئەم مادده دەستورییە، پارێزگای (الديوانية) لە داواكارییەكی ڕاڤەی دەستورییدا سەبارەت بە حوكمی لەكارخستنی ماددەی (121/چوارەم)تایبەت بە پێكهێنان و كردنەوەی نوسینگەی هەرێم وپارێزگا ڕێكنەخراوەكان لە هەرێم لە باڵێۆزخانەكانی عێراق پرسیار ئاراستەی دادگای باڵای فیدراڵی دەكات. لەوەڵامدا دادگای بالای فیدراڵی بە بڕیاری ژمارە (49/إتحادية/2011) لە ڕێكەوتی (2011/7/18)[5] بەركاربوون و جێبەجێكردنی ئەم مادده دەستورییە دەخاتە سەرشانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن لەبەر ڕۆشنایی فەراهەمبوونی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

- پێویستی ڕاستەقینە بۆ پێكهێنان و كردنەوەی ئەو جۆرە نوسینگانە.
- فەراهەمبوونی توانای لۆجستی و ماددی.

---

[1] بڕیارەكە لە پێگەی ئەلیكترۆنی دادگا بەردەستە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/54_fed_2017.pdf

[2] جۆرەكانی لەكارخستنی دەستوری لە بەشی یەكەمی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەیان پێدراوە.

[3] بە پێی ماددەی (116) لە دەستوری عێراق (2005) پێكهێنەرانی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق بریتیین لە پایتەخت و هەرێمەكان و پارێزگا و كارگێرییە خۆجێیەكان.

[4] ماددەی (121/ چوارەم) لە دەستوری عێراق 2005.

[5] لە پێگەی ئەلیكترۆنی دادگا وەرگیراوە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/49_fed_2011.pdf

- **هاوکۆك بوون لەگەڵ ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنچینەی کاری هاوشێوەی بەرامبەرەکی نێودەوڵەتی (المقابلة بالمثل).**

**کەواتە بەوەرگرتنی مانای پێچەوانەی ناوەڕۆکی بڕیاری دادگای باڵای فیدرالی و لە ئەگەری فەراهەمنەبوونی مەرجە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردن، وەڵامی داواکاری راڤەی دەستوری بریتییە لە لەکارخستنی دەقە دەستورییەکە.**

**لە میانەی ئەم دەقەدا بۆچوونمان وایە کە ئاڕاستەی دادگای باڵای فیدرالی بە روونی بۆ لەکارخستنی حوکمە دەستورییەکەیە، بە تایبەتی مەرج و دەرفەتی جێبەجێکردنی ماددەکەی بەستۆتەوە بە توانای ماددی و لۆجستی و پێویستی راستەقینەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لە نێوەندیشیدا وەزارەتی دەرەوە، کەواتە بژاردەی جێبەجێکردنی دەستوری خستۆتە بەردەستی یەکێك لە دامەزراوە فیدرالییەکان و پێوەری فەراهەمکردنی پێویستییەکانی هەر بەخۆی بەخشیوە، لە کاتێکدا ئەرکی ئەم دامەزراوەیە و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەگشتی و تەواوی دامەزراوەکانی تری دەوڵەت جێبەجێکردنی دەستورە نەك دانانی مەرجی جێبەجێکردن و خستنەرووی توانای دارایی و ماددی بۆ پابەندبوون بۆ ڕێسا دەستورییەکان، سەرەڕای ئەوەی کە لە ناوەرۆکی بڕیارەکەدا دیارە کە دادگای باڵا وەڵامی پێشوەختەی وەرگرتووە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن باس لەوە دەکات کە توانای دارایی و لۆجستی ڕێگە نادات جگە لەوەی بنەمای مامەڵەی هاوشێوەی بەرامبەرکی نێودەوڵەتی ڕێگرە بۆ کردنەوەی ئەو نوسینگانە لە باڵیۆزخانەکان.**

**3-2 لەکارخستنی کردەیی**

**لە میانەی سەرنجدان لە دەقە دەستورییەکان و ماوەی کردەیی بەرکاربوونی دەستوری (2005) دەبینرێت چەندیین حوکمی دەستوریی هەیە بە شێوەیەکی کردەیی بوارێك بۆ جێبەجێکردنی نەبینراوە تا مەبەست و ویستی یاسادانەری دەستوریی لێبێتەدی، لە کاتێکدا هیچ ئاماژەیەکی فەرمی و راگەیەنراو و خوێندنەوەیەکی راستەوخۆ نابینرێت لەولایەنانەی کە ئەرکی پیادەکردن و جێبەجێکردنی ئەو دەقە دەستوریانەی لە ئەستۆدایە بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنییان. لەبەر ئەوە دەکرێت لە دەرئەنجامی بەراوردی دەقی دەستوریی و پیادەکردنی کردەیی بەرجەستەکراو راستییەکی لێهەڵبهێنجرێت کە بریتییە لە لەکارخستنی دەستورییە، بەڵام بەشێوەیەکی کردەیی و ڕانەگەیەنراو.**

**جا سەبارەت بەم جۆرە لە لەکارخستنە دەستورییە لە میانەی پۆلێنکاریی لەکارخستنەکان دەکرێت دوو لایەنی دیاریکراو ئاماژە پێبکەین، کە ئەم جۆرەیان لێبەرجەستە دەبێت بە هۆی بەجێنەگەیاندنی ئەرکی دەستورییان:**

**یەکەم/ لەکارخستنی دەستوریی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان:**

**لە دیارترین کارو ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانان بریتییە لە دانانی ڕێسا یاساییەکان کە بە یاسای ئاسایی دادەنرێن و پلەبەندی دووەمی پاش ڕێسا دەستورییەکانیان گرتووە لە چوارچێوەی پلەبەندی ڕێسا یاساییەکاندا[1]، بەڵام کاتێك بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە دەستورییە جێبەجێکردنی حوکمێکی دەستوریی تری پێوە پەیوەست دەبێت، و بەجێنەگەیاندنی جگە لە سەرپێچی و وەلانان و لادانی لە پابەندی دەستوریی ، لەکارخستنی حوکمێکی دەستورییشی لێدێتەدی، بەتایبەتی ئەگەر حوکمە دەستورییەکە بوارێك بۆ جێبەجێکردنی نەبێت جگە لە ڕێڕەوی دانانی یاسایەك لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە.**

**لە نمونەی ئەم جۆرە وابەستەییەی نێوان حوکمی دەستوری و پرۆسەی دانانی یاسایەك بۆ بەکارخستن، لە دەستوری عێراقدا نزیکە (40) ماددەی دەستوری بەدیدەکرێن کە پاش ئاماژە و جەختکردنەوەی یاسادانەری دەستوری لە حوکمێکی**

---

**[1] پلەبەندی ڕێسا یاساییەکان لە سەرووبەندیيانەوە (ڕێسای دەستوریی) دەست پێدەکات پاشان (ڕێسا ئاساییەکان) کە دەسەلاتی یاسادانان دایدەنێن، دواتر بۆ (ڕێسا لاوەکییەکان) کە خۆیان دەبیننەوە لە پەیرِە و ڕێنماییەکان کە لەلایەن دەسەی جێبەجێکردنەوە دەردەچن. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە باڵایی ڕێسا دەستورییەکان بەسەر ڕێسا یاساییەکانی تر بڕوانە: د. ماجد راعب الحلو، دستورية القوانين، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2014، ص 55-62.**

**دیاریکراو، ووردەکاری ڕێکخستنی بابەتەکە بۆ ئەوەی بکەوێتە بواری جێبەجێکردن ڕەوانەی دەسەڵاتی یاسادانان و بەدیاریکراوی (ئەنجومەنی نوێنەران) دەکات تا یاسایەکی تایبەتی بۆ دابنێت[1]. بەڵام ئەوەی جێگەی کێشەیە و دەرئەنجامی پابەندنەبوونی ئەنجومەنی نوێنەران لەکارخستنی دەستوری لێدەکەوێتەوە ئەو جۆرە حوکمانەیە کە ناکرێت پیادە بکرێت تەنها پاش دەرچوونی ئەو یاسایە نەبێت کە ووردەکاری بابەتە دەستورییەکە ڕێکبخات.**

**لە نمونەی ئەم جۆرە حوکمە دەستوریانەی کە بەکاری نەرێنی دەسەڵاتی یاسادانان لەکارخراوە و لە فیقهی دەستوریدا ناسراوە بە خۆگرتنەوە لە یاسادانان (الإمتناع التشريعي) یان پشتگوێخستنی یاسادانان (الإغفال التشريعي)[2]، حوکمی ماددەی (18/چوارەم)[3]ە کە هەر کەسێك پۆستە سەروەریی و ئەمنییە باڵاکان لە عێراق بگرێتە دەست و خاوەنی ڕەگەزنامەی تر بێت جگە لە ڕەگەزنامەی عێراق پێویستە دەستبەرداری ڕەگەزنامە بیانییەکە بن. بەڵام ڕێکخستنی ئەم بابەتەی بۆ یاسا بەجێهێشتووە و ڕەوانەی بەرکارکردنی حوکمە دەستورییەکەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەجێهێشتووە.**

**ئەوەی جێگەی تێڕامانە لە ساتی بەرکاربوونی دەستورەوە تا ئێستا یاسایەك بۆ ڕێکخستنی ئەم بابەتە دەرنەچووە و حوکمی ئەم ماددەیەش بە جێبەجێنەکراوی ماوەتەوە.**

**سەرەڕای کاری نەرێنی ئەنجومەنی نوێنەران و پابەندنەبوونی بە دەستور لەم بابەتەدا، دادگای باڵای فیدرالیش لە وەڵامی داواکارییەکی ڕاڤەکاری و تانەیەکی دەستوریدا لەم بارەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم ماددەیە دەرفەتی جێبەجێکردنی نییە تا ئەو کاتەی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانەنوە یاسایەك دەربچێت و ووردەکاری چەمکەکانی (پۆستی باڵای سەروەری و پۆستی ئەمنی باڵا)ی لەخۆگرتبێت، هەروەها چۆنیەتی دەستبەردابوون لە ڕەگەزنامە بیانییەکە و چی کاتێك پێویستە دەستەبەرداری بىن روون کردبێتەوە[4].**

**هەروەها لە هاوشێوەی هەمان نمونەی پێشووی ئەم جۆرە حوکمە دەستوریانە لە ماددەی (93)ی دەستوردا و لە میانەی دیاریکردنی ئەو تایبەتکارییانەی بە دادگای باڵای فیدرالی لە برگەی (شەشەمدا) بەخشراوە بریتییە لە: (یەکلاییکردنەوەی ئەو**

---

**[1] ئەو حوکمە دەستوریانەی ڕێکخستنییان ڕەوانەی دەسەڵاتی یاسادانان کراوە، بەمەبەستی دانانی یاسایەکی تایبەت لەبارەیانەوە بریتیین لە ماددەکانی: (4/ دووەم، 7/یەکەم، 9/دووەم، 12/یەکەم و دووەم، 18/دووەم و سێیەم و چوارەم و شەشەم، 21/یەکەم، 22/سێیەم، 23/دووەم، 24، 26، 27/دووەم، 28/دووەم، 30/دووەم، 31/ دووەم، 32، 34/ چوارەم، 39/ یەکەم، 41، 43/یەکەم، 45/یەکەم، 49/دووەم، 61/چوارەم، 63/یەکەم، 65، 69/یەکەم و دووەم، 74، 82، 84، 86، 90، 92/دووەم، 93/شەشەم، 96، 99، 101، 102، 103/یەکەم، 104، 105، 106، 107، 108، 112/یەکەم، 113، 114/یەکەم و حەوتەم، 118، 122/دووەم، 122/چوارەم 123، 124، 125، 132/سێیەم).**

**[2] مەبەست لە خۆگرتنەوەی یاسادانان (الإمتناع التشريعى) بریتییە لە خۆگرتنەوەی دەسهڵاتی تایبەتمەند بە یاسادانان لە پیادەکردنی تایبەتکاری تایبەت پێی بە یاسادانان لەو بابەتانەدا کە یاسادانەری دەستوری پابەندی کردووە بە دانانیرێکخستنی یاسایی لەبارەیانەوە، ئەم خۆگرتنەوەیە دەکرێت بەشەیوەیەکی بەشەکی بێت یان بە تەواوەتی و گشتگیر بێت یاخود دەستبەرداری ئەو تایبەتکارییەی دەبێت بۆ دەسەلاتێکی تر بەبێ ئەوەی ڕێپێدرانی دەستوریی هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بۆشایی دروست کردن لە یاساداناندا. بڕوانە: د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، ك. محمد عبدالكريم شريف، الرقابة الدستوريه على الإمتناع التشريعى، مجلة قەلای زانست، المجلد/3، العدد/3، صيف 2018، ص168.**

**[3] دەقی ماددەی (18/چوارەم) لە دەستوری 2005: ( فرە ڕەگەزنامەیی ڕێگە پێدراوە بۆ عێراقییەکان، و هەر کەسێك پۆستێکی سەروەری یان ئەمنی باڵا وەردەگرێت پێویستە دەستبەرداری ڕەگەزنامە بەدەستهاتووەکانی تری بێت، ئەمەش بە یاسای ڕێکدەخرێت.)**

**[4] بڕیاری دادگای بالای فیدرالی ژمارە (100/اتحادية/اعلام/2013) لە ڕێکەوتی (2015/1/19) . بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگا : https://www.iraqfsc.iq/krarid/100_fed_2013.pdf**

**بڕیاری دادگای باڵای فیدرالی ژمارە (195/اتحادية/اعلام/2018) لە ڕێکەوتی (2019/1/28) بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگا: https://www.iraqfsc.iq/krarid/195_fed_2018.pdf**

تۆمەتانەی ئاراستەی سەرۆكی كۆمار و سەرۆكی ئەنجومەنی و وەزیرەكان دەكرێن) بەڵام لە كۆتایی دەقە دەستورییەكەدا هاتووە كە ئەم بابەتە بە (یاسا رێكدەخرێت)، كەواتە بە مانای پێچوانە وەرگرتنی دەقەكە دادگای باڵای فیدرالی ناتوانێت هیچ تۆمەتێك یەكلایی بكاتەوە كە ئاراستەی كەسانێك كرابێت لە پۆستانەدا بن كە باسكراون تاوەكو یاسایەك دانەنرێت بۆ رێكخستنی ئەم بابەتە، و دەرئەنجام لەكارخستنی حوكمە دەستورییەكەی لێدەكەوێتەوە بۆ كاتێكی نادیار.

دووەم/ لەكارخستنی كردەیی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێكردن:

هاوشێوەی دەسەڵاتی یاسادانان كە لەخاڵی یەكەمدا باسمان كرد، دەسەڵاتی جێبەجێكردنیش پابەندە بە بەجێگەیاندنی بەشێك لە حوكمە دەستورییەكان كە بەشێوەیەك بە پیادەكردنی حوكمە دەستورییەكە بەرجەستە نابێت تەنها بە كاری ئەرێنی دامەزراوە جێبەجێكارییەكان نەبێت، یان بەدیاریكراوی دامەزراوەیەكی دیاریكراوی پێكهێنەری دەسەڵاتی جێبەجێكردن بێت.

لە میانەی ووردبوونەوە لە دەقە دەستورییەكان و ئەوەی تایبەتكراوە بە جێبەجێكردنی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە و كاتێكی دیاریكراوی بۆ دانرابێت، باشترین نمونەیەك بریتییە لە حوكمەكانی ماددەی (140) كە نەخشەرێگایەكی دەستورییە بۆ یەكلاییكردنەوەی ئەو ناوچانەی جێگای ناكۆكی و ململانێن و ناسێنراون بە زاراوەی دەستوریی بە(ناوچە جێناكۆكەكان)، ئەم ماددە دەستورییە دەسەڵاتی جێبەجێكردنی پێپابەندكراوە بە كاركردن بۆ بەجێگەیاندنی حوكمە لەخۆگرتووەكانی، و دوا كاتیش بۆ بەجێگەیاندنیان دیاریكرابوو بە (2007/12/31) .

ئەوەی جێباسی توێژینەوەمان بێت بۆ دیارخستنی ناونیشانی باسەكە پێویست دەكات ووردەكارییەكی ناوەرۆكی ماددە كە بخەینە بەردەست و لەچەند خاڵێكدا بیخەینەروو پاشان خاڵی ویستراو كە دەرنجامی لەكاركەوتنی دەستوریی لێكەوتۆتەوە دیاریبكەین:

أ. لە بنەڕەتدا ماددەی (140) ووردەكاری پابەندییە بابەتییەكانی تێدا دیارینەكراوە جگە لە گواستنەوە و رەوانەكردنی پابەندییەكانی ماددەی (58) ی یاسای بەرێوەبەردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (2004) .

ب. پابەندییەكانیش خۆیان دەبینییەوە لە چەند هەنگاوێك بە پێی ماددەی (58)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، كە بریتیی بوون لە : (گەڕانەوەی ئاوارەكان و گێڕاندنەوەی هێنراوەكان یان قەرەبووكردنەوەیان، دامەزراندن و رەخساندنی هەلی كار و دامەزراندنی بێبەشكراوان لە دامەزراندن، هەڵوەشاندنەوەی تەواوی بڕیارەكانی راستكردنەوەی نەتەوەیی و شوناس، راستكردنەوەی گۆڕانكاری لە سنورە ئیدارییەكان، پەنابردن بۆ ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لەحاڵەتی چارەسەری نەكردن، دوا هەنگاو ئەنجامدانی راپرسییە بۆ یەكلاییكردنەوهی كۆتایی ).

ت. پابەندیییەكان لە حوكمەكانی ماددەی (58)ی یاسای بەرێوەبەردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004 تەنها لەسەر شانی دەسەڵاتی یاسادانان نەبووە، بەڵكو لەسەر (حكومەتی كاتی عێراقی) بوو كە پێكهاتبوون لە تەواوی دەسەڵات و دامەزراوە فیدرالییەكانی عێراق (كۆمەڵەی نیشتمانی و ئەنجومەنی سەرۆكایەتی كۆمار و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری)[1] ، بەڵام ئەوەی لە ماددەی (140) ی دەستوری

---

[1] دەقی ماددەی ماددەی 24/أ لە یاسای بەرێوەبەردنی دەوڵەتی عێراق : (حكومەتی گواستنەوەی عێراق كە ئاماژەی پێدراوە لەم یاسایە بە حكومەتی فیدرالی پێك دێت لە كۆمەڵەی نیشتمانی و ئەنجومەنی سەرۆكایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و لە میانەیدا سەرۆكی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری.)

**2005 دەبینرێت تەواوی پابەندییەکان گواستراوەتەوە بە تەنها بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن[1]، کە خۆیان دەبیننەوە لە سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران[2].**

**ث. لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە جێبەجێکردنی پابەندییە دەستورییەکان بۆ پیادەکردنی هەنگاوەکانی ماددەی (58) وابەستەی بەروار و کاتێکی دیاریکراو نەبووە، بەڵام لە ماددەی 140 ی دەستوری 2005 دوا وادە بۆ جێبەجێکردنی تەواوی هەنگاو و وردەکاریی جێبەجێکارییەکانی ناوەڕۆکی ماددەکە دیاریکرابوو بە (2007/12/31).**

**ئەوەی جێگای مەبەستمانە لە چوارچێوەی جێباسی توێژینەوەمان تێپەربوونی زیاتر لە پانزە ساڵی دوا وادەی دیاریکراوی ماددەکەیە و بێئەوەی تەنها لە هەنگاوی یەکەمی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ماددەکە تێپەری کردبێت کە خۆی دەبینێتەوە لە هەنگاوی (ئاساییکردنەوە) کە بریتییە بوو لەرێکارییە یاساییانەی لە بڕگەی (أ) ی ماددەی (58) هاتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر بیانووی جێبەجێکردن هەرچێنێك بێت و بەچی رادەیەك بێت، جگە لە لەکارخستنی کردەیی بۆ حوکمەکانی دەستور هیچی تری لێناخوێنرێتەوە. هەرچەندە لەم بارەشەوە دادگای باڵای فیدرالی بە بڕیاری راڤەکاری ژمارە (71/اتحادیە/2019) لە رێکەوتی (2019/7/28) [3] ئەم ماددەیەی بە بەرکار هەژمارکردووە تا ئەو کاتەی تەواوی هەموو قۆناغ و هەنگاوەکان بە جێدەگەن و ئامانجەکانی فەراهەم دەبن، بەڵام ئەگەر بەرکاربوونێك کردەی جێبەجێکاری لێنەکەوێتەوە هاوتای لەکارخستنی کردەییە، ئەم راستییەش لە خودی بڕیارەکەدا ئاماژەی پێکراوە کە بەشێك لە قۆناغ و هەنگاوەکان هەر لەبنەرەتەوە کاری لەسەرنەکراوە و دەستی پێنەکردووە.**

**نمونەیەکی تری لەکارخستنی حوکمی دەستوری پەیوەندار بە پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بابەتی پێکهێنانی هەرێمی نوێیە لە عێراق، کاتێك یاسادانەری دەستوریی لە ماددەی (119) بنەمای پێکهێنانی هەرێمی نوێی بنیاتناوە لەسەر بەرێوەچوونی راپرسی ئەو پارێزگایانەی ویستی بەهەرێمبوونیان هەیە، ئەمەش لەسەر داواکاری سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا یان دەیەکی ژمارەی دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانەی ویستی پێکهێنانی هەرێمیان هەیە. بەڵام کۆی رێکارییە کردەییەکان و پرۆسەی وردەکاری پرۆسە کردەییەکەی رەوانەی رێکخستنی یاسای ئاسایی کردوە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.**

**بۆ پیادەکردنی ئەم ئەرکە دەستورییە ئەنجومەنی نوێنەران یاسای (رێکارییە جێبەجێکارییەکانی تایبەت بە پێکهێنانی هەرێم) ژمارە 13 ی ساڵی 2008. بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ساتی بەرکاربوونی یاساکەوە دەرفەتێکی وەهای نەڕەخساندووە تا پارێزگاکان رووەو پێکهێنانی هەرێم ئاڕاستەبگرن، جگە لەوە کاتێك ئەنجومەنی پارێزگای (صلاح الدین) لە**

---

**[1] ماددەی (140) لە دەستوری کۆماری عێراق 2005 (یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵدەسێت بە گرتنە بەری هەنگاوە پێویستەکان بۆ تەواوکردنی پێویستیەکانی.**

**دووەم : بەرپرسیارەتەکان کە لەسەر ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە حکومەتی گواستنەوە و دەقی لەسەردراو لە ماددەی (58) لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە درێژ دەبێتەوە و بەردەوام دەبێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەڵبژێرراو بە پێی ئەم دەستورە بە شێوەیك هەمووی بەتەواوی جێبەجێ بێت ئاساییکردنەوە , ئامار و کۆتایی پێدێت بە راپرسی لە کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان بۆ دیاریکردنی ویستی هاوڵاتیانی ) لە ماوەیەك کە ئەوپەری سی و یەکی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی دوو هەزارو حەوت بێت . 2007/12/31.)**

**[2] ماددەی (66) لە دوستوری کۆماری عێراق 2005: (دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدرالی پێکدێت لە سەرۆکی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران , دەسەڵاتەکانی پیادە دەکات بە پێی دەستور و یاسا.)**

**[3] بڕیاری دادگای باڵای فیدرالی ژمارە (71/اتحادیة/2019) لە ێکەوتی 2019/7/28 . بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگا https://www.iraqfsc.iq/krarid/71_fed_2019.pdf**

ڕێکەوتی 2011/11/27 داوای بە هەرێمبوونی لە ڕێگای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنەکەی ڕاگەیاند[1]، بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدرالی و بەدیاریکراوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران – ئەوکات- بە جۆرێك بوو کە ئەو جۆرە داواکارییانە لە ناوچەیەکی جوگرافییەوە سەرچاوەی گرتووە کە ویستی بوون بە مۆڵگەیەکی ئارامە بۆ بەعسییەکان[2]. ئەم هەڵوێستەی ئەوکاتەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ڕێگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ویستی فەرمانڕەوایی کردەیی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پیشاندرا کە چیتر دەرفەتی جێبەجێکردنی حوکمی دەستوریی پەیوەندار بە پێکهێنانی هەرێمی نوێ لە عێراق بەردەست نییە.

**کۆتایی:**

لە میانەی شیکاری و وردبوونەوە لە بابەتی جێباسی توێژینەوە، گەیشتینە چەند دەرئەنجامێك، لەسۆنگەی ئەو دەرئەنجامانەوە ئاماژەمان بە چەند ڕاسپاردەیەك کردووە:

**ئەنجامەکان:**

1. ڕێکخستنی دەستوریی لە عێراق (2005) لە میانەی بەشداری تەواوی پێکهاتەکان و بە لەبەرچاوگرتنیان بۆ پشتگیریی و ڕەزامەندی لە ڕاپرسی گشتییدا جۆرێك لە ڕێککەوتنی هەمەلایەنی تێدا ڕەچاو کراوە و هاوسەنگی تێدا پارێزراو و ڕەوچاوکراوەبووە، ئەمەش وایکردووە کە چەندین وێستگەی دەستوریی لە خۆگرتبێت کە لە پاش بەرکاربوون و گۆڕانکاری ئەندازەسازی بەشداربوون لە فەرمانڕەوایەتی کردەیی و نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەیەکی دیاریکراو کە خاوەن زۆرینە و توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتبن، ویستی جێبەجێنەکردنیان لە وەلانان و لەکارخستنی کردەییدا دەربکەوێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەریەککەوتنی ئەو ڕێسا دەستورییانە لەگەڵ ویستی پاوانخوازی و قۆرخکاری دەسەڵات.
2. لە میانەی ڕووانین لە فۆرمی بەڕێوەبردنی حوکمڕانی دەوڵەتانێك کە لەکارخستنی دەستورییان تێدا ئەزمون کراوە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن پشکی شێری ئەم هەوڵ و ئاڕاستەیەیان بەردەکەوێت، بەڵام لە ئەزمونی فەرمانڕەوایی عێراق هاوشانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری خاوەنداریێتی هەمان ئاڕاستە و هەوڵی کردەیی دەکەن.
3. ئاستەنگکردنی پرۆسەی هەمواری دەستوریی لە عێراق بە پێی ڕێکخستنی دەستوریی (2005) بە جۆرێك کە هیچ هەنگاوێك بێ ویستی تەواوی پێکهاتە سەرەکییەکان سەرکەوتوو نەبێت، هۆکارێکی سەرەکی هەنگاونانە بە ئاڕاستەی لەکارخستنی بەشێك لە حوکمە دەستورییەکان.

**ڕاسپاردەکان:**

[1] https://www.alsumaria.tv/news/47578/%D8%A5%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%86-%D9%85%D8%AD%D8%A7%D9%81%D8%B8%D8%A9-%D8%B5%D9%84%D8%A7%D8%AD-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D9%86-%D8%A5%D9%82%D9%84%D9%8A%D9%85%D8%A7-%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF%D9%8A%D8%A7-%D9%88%D8%A5%D8%AF%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%A7.

[2] سەبارەت بەم داواکارییە و هەوڵەکانی تر بە ئاڕاستەی پێکهێنانی هەرێمی نوێ لە عێراق بڕوانە: د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، د.سوران على حسن، المبادئ الدستورية والإجراءات الدستورية لتشكيل الاقاليم فى العراق (دراسة تحليلية)، مجلة قەڵاى زانست العلمية، الجامعة اللبنانية الفرنسية، المجلد (5)، العدد (2)، ربيع 2020، ص399 وبما بعدها.

1. **لە میانەی هەر هەوڵێکی هەمواری دەستورییدا پێویستە دەسەڵاتی کراوەی یاسادانان بۆ پابەندبوون بە ڕێکخستنی ئەو بابەتانەی یاسادانەری دەستوریی ڕەوانەی ڕێسای یاسایی کردووە سنوردار بکرێت و بکەوێتە ژێر چاودێری دادوەری دەستوریی لە چوارچێوەی چاودێری لەخۆگرتنەوە یان وەلانانی یاسایی (الإمتناع أو الإغفال التشريعي) .**
2. **پێداچوونەوەی دادگای باڵای فیدرالی بە بڕیارەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی فیدرالی و نوسینگەی هەرێم و پارێزگاکان لە باڵێۆزخانەکان، تا لە چوارچێوەی بنەمای پاشگەزبوونەوە لە بڕیاری پێشوو، لەکارخستنی مادده دەستورییەکان کە لە میانەی بڕیارەکانییەوە هاتوونەتە کایەوە بڕەوێنێتەوە.**

**لیستی سەرچاوەکان :**


1. **قورئانی پیرۆز .**
2. **تفسير القرآن العظيم، الإمام اسماعيل ابن كثير، تحقيق: محمد بن ناصر الدين الالبانی، المجلد الرابع، الجزء الثامن، الطبعة الأولى، دار البان الحديثة، 2002.**
3. **تەفسیری ڕێبەر بۆ قورئانی پیرۆز، م. صلاح الدين عبدالكريم، چاپی چوارەم، 2020.**

- **فەرهەنگەکان:**

4. **المنجد في اللغة والإعلام، الطبعة الثانية والأربعون، دار المشرق، بيروت، 2007.**
5. **Oxford Advanced Learners Dictionary of Current English, Oxford University Press, 2008.**

- **پەرتوکەکان :**

6. **د. إحسان المفرجي، د. رعد الجدة، د. كطران زغير نعمة، مكتبة السنهوري، بغداد، 2012.**
7. **د. جعفر عبد السادة بهير الدراجي، تعطيل الدستور، دار الحامد، عمان، 2008.**
8. **د. سرهنگ حمید بەرزنجی، گشتگیر لە تیۆری دەستور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2019.**
9. **د. سۆران علی حسن، دامەزراوە فیدرالییەکان بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدرالیدا (عێراق بە نمونە)، چاپی یەکەم، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، 2021.**
10. **د. شورش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي في العراق، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2009.**
11. **د. عبد الغني بسيوني عبدالله، النظم السياسية والقانون الدستوري، منشأة المعارف، الاسكندرية، 1997.**
12. **د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، د.سوران علی حسن، المبادئ الدستورية والإجراءات الدستورية لتشكيل الاقاليم فی العراق (دراسة تحليلية)، مجلة قەڵای زانست العلمية، الجامعة اللبنانية الفرنسية، المجلد (5)، العدد (2)، ربيع 2020**
13. **عبدالوهاب محمود خدر، الجمود الدستوري وأثره في تعديل الدستور، مطبعة روكسانا، اربيل، 2013.**
14. **علی محسن مهدی، الأجراءات الشكلية والموضوعية لتعديل الدستور العراقي لسنة 2005، دار المزدهرة، بغداد، 2014.**
15. **لقمان عمر حسين، مبدأ المشاركة في الدولة الفدرالية، الطبعة الاولى، اربيل، 2008.**

16. د. ماجد راعب الحلو، دستورية القوانين، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2014.
17. محى الدين حسن يوسف، أثر الأزمات الخاصة على تعطيل الدساتير، مطبعة بينايى، السليمانية، 2009.
18. د. محمد فوزى نويجى، تعطيل العمل بأحكام الدستور ، الطبعة الاولى، دار مصر للنشر والتوزيع، القاهرة، 2021.

- نامە و توێژینەوە زانستییەکان:

19. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود،و محمد عبدالكريم شريف، الرقابة الدستوريه على الإمتناع التشريعى، مجلة قەلاى زانست، المجلد/3، العدد/3، صيف 2018، ص168.
20. محمد شهاب محمد امين، البرلمان بين التشكيل الأحادي والثنائي, رسالة ماجستير, جامعة صلاح الدين, كلية القانون والسياسة, 2009.

- دەستور و یاساکان:

21. دەستوری شانشینە عەرەبییە یەکگرتووەکان ساڵی (1971).
22. دەستوری ئیسپانیا ساڵی (1978).
23. یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی (2004).
24. دەستوری کۆماری عێراق ساڵی (2005).
25. دەستوری کۆماری میسر ساڵی (2014).
26. دەستوری جەزائیر ساڵی (2020).

- بڕیارە دادوەرییەکان:

27. بڕیاری دادگای بالای فیدرالی ژمارە: (100/اتحادية/اعلام/2013) لە ڕێکەوتی (2015/1/19) بەردەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگا: https://www.iraqfsc.iq/krarid/100_fed_2013.pdf
28. بڕیاری دادگای باڵای فیدرالی ژمارە: (195/اتحادية/اعلام/2018) لە ڕێکەوتی (2019/1/28) بەردەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگا: https://www.iraqfsc.iq/krarid/195_fed_2018.pdf

29. بڕیاری دادگای بالای فیدرالی ژمارە: (71/اتحادية/2019) لە ێکەوتی 2019/7/28 . بەردەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگا: https://www.iraqfsc.iq/krarid/71_fed_2019.pdf

# الأحكام المعطلة في الدستور العراقي (2005)
# دراسة تحليلية

**د. سوران على حسن**
**فاكلتي القانون / جامعة سوران**
**soran.hassan@soran.edu.iq**

**ملخص**

**إن الإلتزام بالقواعد الدستورية من قبل جميع المؤسسات المكونة للسلطات العامة باعتبارها أعلى قاعدة قانونية في البلاد يعد من أهم المعايير لإقرار ما يتطلبه مبدأ سيادة القانون، ويمكن من خلاله تقييم إرادة الحكام فيما يتوجهون الى ترسيخ حكم رشيد. ومع ذلك فإن هذا الالتزام لا يتجلى فقط في انتهاكات واضحة للقواعد الدستورية. بدل تجد الحكام أحيانا يتنصلون من إلتزاماتهم الدستورية فيما يخص بتأسيس مؤسسات دستورية وخاصة فيما يمس تحقيق ارادتهم المنحرفة المحتكرة للسلطة، وفي إطار ذلك يلجأون فعليا إلى تعطيل بعض الاحكام الدستورية التي كانت من صميم مسؤولياتم في إطار إدارة الدولة.**

**وفي سياق الاطلاع على التنظيم الدستوري العراقي (2005) والتجربة الفعلية له على مر السنوات الماضية وبعد أن كانت قواعده نافذا، نجد عدة خطوات وجهود عملية لإلغاء بعض الأحكام الدستورية من قبل السلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية الفدرالية.**

**ولذلك نحاول في هذا البحث التطرق إلى التوجهات العملية والجهود الرامية التي تنفذها السلطات العامة الثلاث على مستوى المؤسسات الدستورية الاتحادية، بقصد تعطيل عديد من الأحكام الدستورية. وذلك من تقسيمنا للبحث بشكل علمي منسق وفق التقسيمات الرقمية إلى محورين رئيسيين، يخصص الأول للإطار النظري لمحل البحث والجزء الثاني مخصص للجهود العملية و الإتجاه الفعلي للتعطيل الدستوي من قبل السلطات الدستورية الفدرالية في العراق.**

**الكلمات المفتاحية: التنظيم الدستوري, تعطيل الأحكام الدستورية, الإلتزام بالقواعد الدستورية.**

# Disabling the Provisions of the Iraqi Constitution (2005)

## Analytical study

**Soran Ali Hasan**
**Faculty of law/ Soran University**
Soran.hassan@soran.edu.iq

## Abstract

**One of the most crucial criteria for approving what the principle of the rule of law requires, through which the will of the rulers can be assessed as they work to consolidate good governance is the commitment to the constitutional rules by all the institutions making up the public authorities as the highest legal rules in the country. This responsibility, though, takes many more forms besides outright constitutional infractions. Instead, you occasionally see rulers avoiding their constitutional duties to create constitutional institutions, particularly when it comes to the accomplishment of their twisted will monopolizing power, and in the context of that they actually resort to obstructing some constitutional provisions that were at the core of their responsibilities within the framework of state administration. When we look at the Iraqi Constitutional organization (2005) and its implementation, there are several practical steps and efforts to abolish some of the constitutional provisions by the general legislative, executive and judicial authorities. In this study, we have tried to discuss and analyze the practical direction of the three public powers at the level of federal constitutional institutions, through the numerical division of the science into two main parts, the first part is devoted to the theoretical framework and the second part is devoted to practical efforts.**

**Keywords: Constitutional regulation, Disable constitutional provisions, The obligate to constitutional rules.**